# دیدارێك لەگەڵ ئیسماعیل خورماڵی شاعیر

## سازدانی دیدار/ زمـــنـــاكۆ بورهـــان قـــانــــع

* بێشك هەنووكەش، قەیاغی وەڵامم هەر لەئاوی ئەو دوو فەرهەنگەدا سەوڵ دەكوتێ گەهێ قوڵایی پیرە زمانی دایكو گەهێ هەڵكوڕمانم بەبابۆڵەی قەڵەمێكەوە.

* هاتنم هەروەك هاتنی هەموو ئادەمیزادێكی ترە، بەڵام ڕەنگە ڕەنگە ئەوی جودا بێ لەنێوان من و تاكێكی تردا سێبەری درەختەكانی شیعربن.

* گەر مۆسیقییەتێك لە من دابێ و رەنگێ لە ماڵی وێنەكانما بێ و گەر ئێوارەیەك لە مێخۆشیش لە دەنگ و لە شیعرمدا بێ ئەوا دیسان دەڵێم ماڵی خاك و ماڵی هەنارە ژن ئاوەدان بن.



ئیسماعیل خورماڵی شاعیر

ئیسماعیل خورماڵی ناوێكی دیارە لە گۆڕەپانی شیعری كوردیدا، كەسێكی بەردەوام عاشقەو كەم كەم دەدوێت، پێش ئەوەی بە یەكجاری جوگرافیای یەكەمی خۆی بەجێبهێڵێت قەسیدەی (دۆلفینی بەفر)ی نوسی و لەم ساڵانەی دواییشدا تازەترین دیوانی خۆی بەناوی (بەور و خاك و مێ) بە چاپ گەیاند، خورماڵی لەم دیدارەدا قسە لەسەر زمانی شیعریی خۆیدەكات و بەشێوەیەكی خەیاڵئامێز لەبارەی سەفەرە پڕ لەئازارەكەی دەدوێت و لەهەندێك شوێندا قسە لەسەر مۆسیقییەتی شیعرەكانی دەكات و دواجار سەبارەت بە كاریگەری فروغ و سوهراب لەسەر شاعیرانی كورد بە گشتی و سلێمانی بە تایبەتی دەڵێت: بێشك هەریەكەیان هەسارەیەكن بۆ خۆیان.. سەرەتای پرسیاریشمان بیرخستنەوەی پەیوەندییەكی تەلەفۆنی نێوانمان بوو بەمجۆرە:—

زمناكۆ: وەك دوو سالّ پێش ئێستا لە پەیوەندیەكی تەلەفۆنیدا پێت گووتم سەرچاوەی زمان لە نێو قەسیدەكانتدا دەگەڕێتەوە بۆ دوو قاموس، یەكەم : دایكی ئەزیزت، دووەم: ئەو سەفەرە بەردەوامانەی كە بۆ ناوچەكانی گەرمیان سازت دابوو، كە زۆرجار بۆ زانینی مانای چەند ووشەیەك سنوری شارێكت دەبڕی، پرسیار لێرەدا ئەوەیە كە ئایا ئێستا پاش بەسەر بردنی ژیانێك لە مەنفاو پاش بینینی كۆمەلێك جوگرافیای ترو پێكدادان لەگەلّ چەند كەلّچەرێكی تردا و بینینی چەند رەنگێكی تر ئایا چ فەرهەنگێكی ترت ئیزافە كردۆتە سەر ئەو دوو فەرهەنگەی پێشوو ؟؟

ئیسماعیل خورمالّی: هەنووكەش براله هەروەك ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەی كە پێش دووسالّ لەمەوبەر لەمەڕ لەچاپدانی (دیوانی بەورو خاكو مێ) دا كەلەڕێی (ئاگر) ی براتانەوە دەنگمان بەیەك گەیشتو فرسەت لواو كەمێ لەسەر شیعرو زمانی شیعریو سەفەرو نیشتیمان دواین، پاشانیش بیرمە هێندە تینوو وتەژنەبووین، وەك بلّێی زەمەن دەمی لەهەناراوی هەناران ژەندبێن، هێند بە مێخۆشی لەشارو شیعرمان دەپرسیو لەسێبەری دار هەنجیری ڕۆژنامەكانو لەمەستایەتی سەرچنارو لەكونجی كتێبخانەو لەقەلّەمی زۆر لەهاوڕێیانمان دەپرسی، هەنووكەش براله من لەبەردەم خوڕەمی ئەم پرسیارە ئاوكێشانەی تۆدا، دیسان بەچەترێكی ڕەنگالّەی زمانەوە، دێمەوە ژووانو لەبووكایەتی زمانی شیعر دەدوێم دێمەوە ژووانو لەپانتای ئاونگەكانی سپێدە زمانی شیعری دەدوێم، لەسەرچاوەو لەئاگرو لە ئێوارە پرووشەكانی ناو دێڕ، لەسپێدە مەخمەلّییەكانی زمانی ناو دەق دەدوێم ! بێشك هەنووكەش، قەیاغی وەلاّمم هەر لەئاوی ئەو دوو فەرهەنگەدا سەولّ دەكوتێ گەهێ قولاّیی پیرە زمانی دایكو گەهێ هەلّكوڕمانم بەبابۆلّەی قەلّەمێكەوە، لەبەردەم هەیوانی ئاواییاندا، كە بەڕاشكاوی دەلّێم نانی ڕۆشنایی نووسینم لەوێوە چنگ كەوتو لێشتان ناشارمەوە قەرتالّە وشەی لای دایكم بوو بەرامە پونگەی ئەم شیعرانەی پێبەخشیم، ڕۆشنایی شەوە ڕێی نێوان ئەو ئاواییانە بوو ئەم هەموو ئاونگو ئارنگو باڕەنگەی بەدواوە بوو، بزێویو فڕینم وەك خالّخالّۆكە لەسەوزایی مالّە خالّوانی وشەوە بوو ڕووەو بانووی (مێملّو ملاّماو ڕەشەڕاو سملّو گەزیزەو گۆزروانی تەڕ) هەلّفڕیمو هەلّفڕینیشم بنچكی ئەم هەموو وشەو بنچكی ئەم هەموو لێكدانانەوەی بەداوە بوو دێتە بیرم لەكالّیو لەمنالّی عومرێكی شیعریمدا، وەك خالّخالّۆكەیەكی عاشق بۆ مالّۆچكەی سەر بالّە ووردیلەكانم، ڕەنگم لەڕەشایی چاوان دەدزیو ڕەنگم لەجۆگە نارنجییەكانی نارنج دەدزی، بەو چەشنە من ڕەنگو وشەم بەمالّی شیعر گەییان، بەو چەشنە من ماسیم لەزەلّمی ئەوانەوە، بەگۆماوی ئەم دێڕانەدا كرد. بەلّێ براله ئاوا پرووشەم بەمالّی زماندا كردو ئاوا قەرتالّەم بەڕەزی ئەوان گەییان بەتەرزێ تر بێژم، بوێژیو دەولّەمەندیو هەرێز بەندی ئەو فەرهەنگانە نەبایە، من نەمدەتوانی بەو تۆزە ڕوناكییەوە، بەدەربەنی تاریكیدا بڕۆمو بۆلّی شەوق بگرم، بەتەرزێ تر بێژم، گەر هەنوكە باگژەو ڕەهێلّەیەكیشم هەبێ لای خوێنەرو لای گوێگری شیعری گۆرانییەكانم، ئەوا تەنها ئەوانن باعیسی جوانیو خوڕەمی ئەو شیرینیەم ! بەلّێ هاوڕێ گەر مالّێكم لەزمان هەبێ ئەوا پیر كۆلّەكەی پیرە هەیوانم هەر لەداری گوفتەكانی دایكمەو هەر لەداری پیرەباخی فەرهەنگەكانی خالّو گیو و حوزنی و موكریانییە ! گەر ماسییەكم لەئاوی زمان پێ ئاشنا بێ، مالّی زەلّم و هەورامانی ئاوەدان بەزمان ئاوەدان بێ، گەر گولّە گەنمێكم لەزمان پێ ئاشنا بێ مالّی دەشتو جاڕی شارەزوور ئاوەدان بێ، گەر فڕینێكم لەبازی زمان پێبێ، مالّی فڕكە بازو قەلّەم بازی گۆرانو شێركۆ ئاوەدان بێ ! من لەزمانی ئەواندا فێری زمان بوومو توانیم بگەم بەمیوەی جەننەتی چامەو بگەم بەسێبەری هەناسە چناری چامەو دوور لەغرور بەدەمێكی ئالّەوە ئێژم گەر بۆنی شەرابی ووشەم

لێهات، ئەوا شانازی بۆ ترێو بۆڵە ترێکانی ئەوانە، بەڵێ هاوڕێ بیرمە (گوڵ ئامینە)ی دایکم هێندە موکرییانانە گوڵە بەیت لەزاری دەڕژا دەمزانی زەمانێ دێ زمانی ئەوان دەگرمو لەتەك زەردەپەڕو سپێدەیا لەکۆنە گۆزەی سەر شانی گیا، شەرابی ئاونگ هەڵدەدەمو وەك کل لەچاوان گێلاس لەسێبەران دەفڕێنم گڕ لەکوانوو، پرووشە لەبەور، فڕین لەبازی ئەوان، دەفڕێنم! دەمزانی ڕۆژێ دێ، لەبوێژی ئەواندا، دەمم پڕ دەبێ لەمێوژی بوێژی و دەتوانم بەم تۆزە ڕووناکییەوە دەروەنی هەزار دەروەنی تاریکی ببڕم! براله گیان ئەوەی من لەزماندا فێربووم، داچوونو گەڕان بوو، درۆ ناکەم گەر بێژم بەدووی قارچکی ووشەیەکدا، هەزار سێبەرە بنەچنارو بنەبییان چووم، بەدووی ڕیحانەیەکی بەگوڵی دێراوی گرِدا زێوانی هەزارو یەك سەکۆ چووووم، هەرچی بێژم لەعەواڵ بوونی ووشە کەمەو هەرچی بێژم لەقوڵ بوێژی دایکم کەمە، دواجار هاوڕێ زمان لەهەر دەقێکدابێ بۆمن سەرەتاتکێی کەوێکی ناو قەرسیلە گیای بەهارانە لەژیان، نێلەی هەناسەی ئێوارانێکە بەر لەخوڕە ماچی خەجو سییاکان! زمان بۆ من لەهەر دەقێکدا تەکاندنی بەوری متە لەسەر دێڕی مت، هەڵڕوانینی بوکە لەمەستایەتی هەوەڵ شەو، جێ پێی خوێنە لەسەر بەفر! لەکن من هاوڕێ، زمان پەنجەرەیەکە لەهەرە پەنجەرە جوانەکانی ناو ماڵی دەق چۆن وانەبێ؟ زمان فڕینو زمان ساماڵو زمان ئاگرو زمان خەیاڵت پێ ببەخشێ زمان بتکا بەمەخلووقێکی باڵدار، بەبۆراقێ لەجنسێ تر! چۆن وا نەبێ، وەك هەرێمێ لەنیشتیمانی گیا، ئازادی خۆشەویستیو پێکەوە ژیانی ئاونگو هەتاوت پێببەخشێ لەکن من هاوڕێ زمان سپیترین دەسەڵاتی جوانی و مۆرترین باڵکۆنە لەماڵەکانی دەقدا! ئەوەشمان بیر نەچێ زمان بەو هەموو شەماڵەوە، بەوهەموو تەعامی قەڵەمەوە ئاوەدانی دەقێکی پێ ناکرێ و بەتەنها فریشتەی بۆ نارژێتە شارە دەق، ئەگەر فڕکەی بازە هزر و مەکری ماسییە وێنە و ئێوارە چپەی هەڵوژەکانی ناوەڕۆك نەبێ زمان بە تەنها هیچی پێ ناکرێ! دواجار هاوڕێ ئەم کلتور و فەرهەنگەی هەنوکە منی تیا دەژیم نیشتیمانی ئاسنە، نەك نیشتیمانی دڵ، نیشتیمانی خۆخواردنەوەو خاروژارە نەك نیشتیمانی زووان بەخشین، ڕاستە ئێرە نیشتیمانی گۆتە و هەزارانی وەك گۆتەیە بەڵام هاوڕێ بۆ منی خاڵخاڵۆکەی غەریب قەڵەم، هەر نیشتیمانی سەرپشتی گەڵایەکی نا ئارامە، تۆ لە غوربەت بگەڕێ کە جارجارە ختوکەیەکمان لە شیعر ئەداتێ!.

زمناکۆ: پێم وایە لە نێو مقەوماتەکانی شیعردا زیاترین ئیهتیمامی تۆ بۆ مۆسیقیەت و هارمۆنیەتە، ئەگەر نمونەیەکی بچوکت بۆ بهێنمەوە، بزانە لەکۆتایی قەسیدەی (نیشتیمانێك لە وەنەوشە) دا کە لە پاییزی (نەوەدو حەوت) دا لە سلێمانی نوسیوتە چی دەڵێیت:

وەرە ماریا، مەست بوون گەر هەبێ ڕژانە هەر لەگەڵ تۆ

وەرە ماریا، مردن گەر هەبێ ئەوینە هەر لەگەڵ تۆ

وەرە ماریا لەکۆشم نێ

درەنگە بۆ خۆشەویستی و

بۆ مردنیش هەر زۆر زووە ئەی خۆشەویست

لێرەوە بەدەر لە شیعرەكانت پێدەچێت ژیانی تایبەتی خۆشت جۆرێك لە مۆسیقیەتی تێدا بێت هەر لە تۆنی قورگتەوە لە كاتی ئیلقای قەسیدەیەكدا تا جل و بەرگ و بۆینباخەكەشت لێوانلێوە لە مۆسیقیەت، تۆ خۆت ئەم هەموو ئیهتیمامە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟ تكایە لەمبارەیەوە بۆمان بدوێ ؟

ئیسماعیل خورمالّی: بێ شك هاوڕێ لەو نێوەندە ئەدەبییەدا دەقی من و دنیای من وەها بووە، هەمیشە من وەك هۆزە چۆلەكەی سۆز، مالّم لە مالّی گەلاّكان سەزوتر بووە و دلّم لە دلّی پەروانان ناسك تر بووە، بەلاّم هاوڕێ بیرت نەچێ بەو نوكە قەلّەمەشەوە دلّم تەكێی عاشقان و دلّم بەرمالّی زۆر نوێژە گۆرانییان بووە! لەوولاّت وا وهەنووكەش لە غوربەت تەموورەی هەنگی سرود و جار جارەش عەشق! دەبوو وابم دەنا نە بەپەروانە دەبووم، نە لەزەردەی پیاسەیەكدا فێرە فڕینی سەرسنگی كچان و نە لەڕوانینی قولّی ژنێكدا فێری مەكر و فێری ڕوتبوونەوەی هەنارێكی عاشق دەبووم! دەبوو وابم، وا نەبایەم خوا سەرپرژێكی نەئەدامێ و مالّێكی لە گەڕەكی گەلاّكان نەئەدامێ، دەبوو وابم، وانەبایەم جوانییان لەدلّم دەسەندەوەو لە پۆلی عەشق دەیانكردمە دەرەوە ئەوسا مەگەر هەر لەدوورەوە لە درزە چیغی شەو خۆیەوە لە لەشی نیوەڕوتی قەیرە مانگەشەوی هەلاّژاوی خوا هەلّڕوانیایەم! وا نەبایەم نەمدەتوانی مەمێ بنێمە نێو دەستم و سێوێ لە ستیانی مەلەكدا بشارمەوە، وا نەبایەم نەمدەتوانی سەرنج لە چاوی خەجۆیەك بەرم و شووعلەی شیعرێ لە جێی دانێم، دەبوو وابم وانەبایەم هاوڕێ نەمدەتوانی گوێی درەختی شەقامەكان لە گۆرانی پڕبكەم و وێنەی خۆم بەرمە ئەلبومی دنیای (مێ) وە دنیایەك خالّی لە جەنگ و پڕ لە هەرا وپڕ لە جنسی پەروانە دنیایەك خالّی لەكوشتارو بەلاّم پڕ لە هەمس و پڕ لە عەشق و پڕ لە ڕوتبوونەوە، پڕ لە جەسورییەت دنیایەك خالّی لە مەرزی ڕاووڕووت و بەلاّم پڕ لە سێوو پڕ لە ئاوێنە ڕووتەكانی بەهەشت دنییایەك خالّی لە نایەكسانی یەكسانی و بەلاّم پڕ لە جوتبوونی بەور، هەتاو پڕ لەدەربەنی بە مەخلوق هێنان، پڕلە جوتبوونی چۆلەكە عاشقەكان، جوتبوونی باران و گەنم، جوتبوونی باران وفڕین، جوتبوونی سێوەرو قۆخی تازە توكن، جوتبوونی ئاوو ئاگر جوتبوونی پۆشتەیی و ڕوتبوونەوە! دەبوو وابم وانەبایەم ووشكایی دەیخواردم و بێشەلاّنی بە قامیشی شكاوی دەبردم! بەلاّم هاوڕێ هەیهات لە دەست تۆ، تۆش چ جوانێكی پیری بە گۆبەنی؟! لەم گۆڕخانە چ زەمانێكت لە عیشق بیر هێنامەوە؟ بە حەشری چ گەردەلولێكت بەخشیمەوە؟ ئەیهوو هاوڕێ، زەمانێ هەموو شتێ لەو شارەدا عەشق بوو گەمە عەشق و ڕوتبوونەوە عەشق و فڕین عەشق و سوتان عەشق و بانگ عەشق! باران عەشق وپیاسە عەشق و هونەر عەشق وعەشق .. عەشق! زەمانێ عەشق مزر ومێخۆش دلۆپە ماچی بە دلۆپە دەدا و گیا بەرۆكی لەبەردەم پەنجەی ئاونگدا شل! زەمانێ عەشق  مزر ومێخۆش هەور لە ماچێكی هەتاوا لەشی پڕ دەبوو لەعەتر و گڕ بەختوكەی سەرما شل و شلوێ دەبوو! دەبوو وابام، وانەبایەم، نەدەبووم بە جنسێ لە با و شاتوو، دەبوو وابام، وانەبایەم خەلّتان نەدەبووم بەئاوی ترێ و جۆگەی شەرابم لەبەر نەدەڕۆی! دەبوو وابام، دەبوو هەر بلّێم: ژیان لەودیوو عەشق خۆبەردانەوەی خودە لە كێو، خۆكوشتنی شەتاوێكی ترە لەجوگرافیایەكی تردا، دەبوو وابام، وا نەبایەم  نەعاشق دەبووم،  نەزمانم بە گڕ دەهات! دەبوو وابم  دەبوو ڕێی جەنگەكان بە ڕێی ئاشتییا بەرم ڕێی تالّییەكان بە ڕێی ئاسودەییا بەرم، دەبوو فڕینم بە بێ بالّەكان بەخشییایە و دەبوو شەرابم بە یەكەمین بەد مەست بەخشییایە! دەبوو وابم، دەبوو بچمەوە سەر ڕیتمی منالّی و دەبوو فڕكەم لە فڕكەی عەشقا بێ ومەلەم لەمەلەی ڕەنگدا بێ! دەبوو وابم وانەبایەم،  منیش دەبوم بە دوژمنی ڕەنگ و ڕەنگم لێ دەچووە قوللەی قاف!

دەبوو وابم، وانەبایەم منیش دەبوم بە پنچکە هەرێزی ووشك و ئاو وسەوزاییم لێ دەچوونە قوللەی قاف!دەبوو وابم، بۆ ئەوەی وابام، من بەرەی ڕەنگ و من بەرەی عەشقم هەڵبژارد بۆ ئەوەی وابام، من نیشتیمانی پەروانەو سیحری گوڵەکانم هەڵبژارد، من ئاوە زێی بە قەڵوەزەی خۆشەویستی و هۆرەی بارانی ئێوارانی سەر پەنجەرەم هەڵبژارد!هەرچی بێژم ڕەنگە بێژن زیادەیە، درۆ بم یان ڕاست، من بۆ خۆم مەخلوقێکم وەها هاتووم هاتنم هەروەك هاتنی هەموو ئادەمیزادێکی ترە، بەڵام ڕەنگە ڕەنگە ئەوی جودا بێ لەنێوان من و تاکێکی تردا سێبەری درەختەکانی شیعربن، وا من دەنگم دەچێتەوە سەر گمەی کۆتری باران و وا من ڕەنگم دەچێتەوە سەر ئێوارانێ پێش پایز و پاش پایز!بەڵام شتێك هەیە دەمەوێ بیڵێم : با بە قشقەڕەی بێ نمەکان نەچم من ئەم هەرێمە چکۆڵەیەی شیعرم، لەوەرەسەی (مێ) وە بۆ ماوەتەوە ئەڵا لە مێ، مێ زمان و مێ سێوو مێ خشتەی عەشقێکی ئەبەدی دامێ! دەبوو وابم، بۆئەوەی وابایەم دەبوو دەمم لە دەمی هەموو ڕەنگێکی جوان بنێم، دەبوو وەك (قەڵەم)ێ لەپەلکەزێڕینە بێمە بەرچاو، دەبوو وەك دار نوقڵێ لەشیعر بە ژوور سەری مێ وە بەپاڵ سەری ڕیحانەوەلە چەقی شارا بڕوێم! دواجار هاوڕێ گەر مۆسیقییەتێك لە من دابێ و ڕەنگێ لە ماڵی وێنەکانما بێ و گەر ئێوارەیەك لە مێخۆشیش لە دەنگ و لە شیعرم دا بێ ئەوا دیسان دەڵێم ماڵی خاك و ماڵی هەنارە ژن ئاوەدان بن، دواجار هاوڕێ ڕەنگە ڕێکەوت وێنەیەکی وای بەخشیبێ، دەنا بە چاوی ئێوەو بە چاوی نیشتیمان دوور لە نیشتیمان، دوور لەو مێیانەی فێری عەشقیان کردم لەیەکەم ڕۆژی فیرقەتی شارەوە هەتا ئێستا من هەموو ڕەنگێکم لە خومخانەی ڕەش دان!.

زمناکۆ: گەر لە دنیای شیعری وستایلی ئیشکردنی کۆمەڵێك شاعیر بدوێین دەمەوێت کۆمەڵێك شاعیرت بە نمونە بۆ بێنمەوە لەوانە (جەمال غەمبار) لەنێوان رۆمانسیەتدا تواوەتەوەو تاڕادەیەك لە هەندێك قەسیدەدا ئیش لەسەر ئەفسانە دەکات و (جەلال بەرزنجی) کەسێکی بێدەنگەو هەمیشە بەکورتی دەنوسێت و لەقەسیدەکانیدا هەست دەکەی ئەم پیاوە زۆر حەساسە، (بەختیار عەلی) ش بەردەوام لە قەسیدەکانیدا ئیش لەسەر فیکر دەکات و یەکبینە لە نوێ بوونەوەدایە و مۆنۆپۆلی زۆر لایەنی تری نوسینی کردووەو (بەرزان هەستیار) یش ترسێکی زۆری هەیە بەرانبەر بە مەرگ و بەردەوام ئیش لەسەر جۆرە نائومێدییەکی ترسناك دەکات کە ڕوویەکی واقیعی ژیانە لای من و (محمد عومەر عوسمان) یش بەردەوام ڕەشبینی و فەزایەکی تاریك زاڵە بەسەر دیوانی لە (غوربەتا) کەیدا ئەگەر چی من بۆ خۆم لە حەمە عومەر بیستومە دەڵێت ڕەشبینی موفرەدەیەکی سیاسیە نەك ئەدەبی، (هیوا قادر )یش لەڕێ ی تەسەوف و حاڵەتێکی عیرفانی و هەندێك جار موناجات پەلکێشت دەکات بۆ کۆمەڵێك دونیای سەیر، (فەرهاد پیرباڵ) سوریالیەو ئیشی لەسەر کالیگرام کردووە، لێرەدا سەرەی تۆیەو وا هەست دەکەم عەشق بە تەواوی زاڵە بەسەر دونیای شیعری تۆدا ئەگەرچی تۆش کوڕی سەردەمی جەنگ و تێکشکان بوویت و ناجۆرییەکی زۆر لە جوگرافیای یەکەمتدا هەبوو، پرسیار لێرەدا ئەوەیە تۆ پاش بینینی کۆمەڵێك ئەزمون لەگەڵ سەفەرەکەتدا بۆ ئەوروپاو لە پاش تەی کردنی کۆمەڵێك جوگرافیای تر و پاش خوێندنەوەی چەند قەسیدەیەکی شاعیرانی ئەوروپا ئایا لەسەر هەمان ستایلی خۆت دەمێنیتەوە ؟؟ یان گۆڕانکاری دەکەیت وستایلێکی تر ئیختیار دەکەیت؟؟ چونکە شاعیر دەبێت بەردەوام لە نوێ بوونەوەدا بێت..

ئیسماعیل خورماڵی: هەڵبەتە هاوڕێ پێمخۆشە لێرەدا بوارێ بەخشن، بەرلەوەی بەدیوی ئەودیوی مەرزی ئەم وەڵامەدا هەڵکشێم، یان ئیستێ لەبەردەم ڕۆشنایی دێرە سەرەتاییەکاندا بکەم، خواستمە بێژم: بێستانی هەموو قەڵەمێ بەبرك و

شەمامە و سەوزەڵانییەوە جوانەو دەریاشەو بەرۆخ و ماسی و قەیاغ و یاقووت، ڕەنگ بەیەك ڕەنگی و خاك بە ئازادی و ئاسمانیش بەهەسارەو باڵندەو جۆگەی نورو مانگی عەیارو قەیرەوە جوانە! لە کن من هاوڕێ سورایی مەکرە باخ، مەستایەتی هەزار و یەك شەربە جریوەی جوانی دێنێ، خوڕەم حەرفی هەر قەڵەمێ، پیربێ یان لاو، بەهارە بێ یان پایزە میوەی عەشق و میوەی کتێب دێنێ، کەوابوو هاوڕێ، باران کە دێ گوڵ بە (جاڕ) پێ دەکەنێ و گەنم کە دێ، (با) لە وڕك دەخاو نان و کەروێشکە دێنێ! لە کن من هاوڕێ لەدایك بوونی هەر دەقێ دوور لە عەشق و دوور لە عەشقی نووسین وەك ئەوە وایە جەلاد (جەلاد نامەیی) خۆی بنووسێتەوە و گۆڕ هەڵکەن حیکایەتی فریشتە و مردوەکان، هەرچەندە من یەقینم وایە ڕۆژێك دێ، یان ئەوانیش زمانی عەشق هەڵدبژێرن، یان ئەوانیش تەسلیم بە عەشق دەبن! ئێمە هەمووکان مەخسەرە بە عەشق دەکەین و کەچی وەك (سێو) دەستمان وا بەچڵی عەشقەوە، هەمووکان پشت دەکەینە جوانییەکانی عەشق و کەچی بەر لە ژوانێ خۆمان سواغی جوانی دەدەین، بەرد دەگرینە پەنجەرەکانی ئاسمان و بەکێوی کوفرا هەڵدەزنێین و کەچی لەولاوە لەبەهاتی کتێبە سەماوییەکان هەڵدەڕوانین، زویر مەبن یاران، ئێمە هەموو خەتابارین، لەبەردەم عەشقدا ناوێك بڵێن لەودیو باخەکانی عەشقەوە نەنووسێ؟ ناوێك بڵێن لە جەنگی ئاودا هانای قەیاغێکی ئاگری نەبردبێ؟ لەسورایی کەروێشکە گەنمێکدا بەدۆستی با نەبووبێ، ناوێك بڵێن لەبەردەم ئەشکەوتە ڕامانی دەقێکدا گوێی لە بروسکە نەئاخنیبێ وچاوی لە باڕێژە پڕ نەکردبێ، ناوێك بڵێن لەبەردەم مەکری ماسییەکدا، لە ئاو زیاتر ڕووت نەبووبێتەوە لەبەردەم فڕینی هەنارێکدا، هەنارێك لە ژن، لە (باز) زیاتر باڵی لێك نەدابێ، زویر مەبن هاوڕێیان، ئێمە هەمووکان، خۆشیمان بێ تاڵی قەرزاری عەشقین، خۆشیمان بێ تاڵی نەوەی حیکایەتەکانی خەج وسیاین، هەموان نەوەی سیحرێکین لە عەشق لێرەدا بمبەخشە هاوڕێ، ڕەنگە کەمێك لە پرسیارەکەی تۆ دوور کەوتبمەوە، بەڵام کەباسی عەشق دێ، سەرئێشە و حیکایەت و ونبوون دێ، ڕەنگە ئەم تۆزە ونبوونەشم لە وەڵام ەر عەشق بێ! دواجار هاوڕێ لەکن من کارکردن لەتەك عیشقدا ڕەنگە سەختتربێ لەکارێ تر، ڕەنگە سەرئێشەی زێدەتر بێ لەگەمەیەکی تر، چون عەشق خێراترین ڕەنگ دانەوەی لەسەر ڕۆحە وتۆش بەو ڕۆحەوە دەنوسیت و بەو ڕۆحەوە هەڵدەکولێی! هاوڕێ ئامادەبوونی عەشق لەهەر دەقێکی مندا ئامادەبوونی گڕە لە زمسان و ئامادەبوونی بەورە لە تاوسان و ئامادە بوونی بایە لە باخ و ئامادەبوونی گوڵە لە خەزەڵدا، هەر عەشقە من دەکا بە پیاوێکی باڵدار و دەتوانم بەسەر جوگرافیای دەقاندا بفڕم!هەر عەشقە من دەکا بە خوڕەمێ لە سپییترین دەسەڵات و بەڵام دەسەڵاتێ لەقەڵای ئاونگ و لەقەڵای گیا و لەقەڵای پەروانە بێوەی تر! هەر عەشقە من دەکا بەو قەڵەمەی لەمەرزی دێڕەکانی شیعرا گڕی تازە و جوانی تازە بێنم!هاوڕێ گیان لە کن من عەشق لەپایز ئاوەدانی لە سەوزایی دێنێ، عەشق لە ئاو یاقووت و ئاو، ماسی و پوونگە، ڕۆخ و نەوڕەس دێنێ، عەشق لەخوێن، پێکەوە ژیانی داس و گەنم دێنێ، دواجار هاوڕێ ڕەنگە من بەم هەموو جەربەزەییشەوە، لەقەوەی عەشق نەیەم، کوا هێندە جەربەزەو چاونەترس بومایە، جارێ بۆ وڕکی دولبەر کۆڵوانەی شەنگەڕۆژم لەکۆڵی ئێوارە بفڕاندایەو بۆ شەوێکی دولبەر کراسە خەوی مانگەشەوم بفڕاندایە و بۆ پەڕینەوە و بەردەبازی دولبەر من هەسارەم لەو ئاسمانە بفڕاندایە! دواجار هاوڕێ، کار کردنی منیش لەتەك عەشقا تەنها هەسارە ژماردنی شەوەکانی دێوانە و شەم نییە، تەنها پەلکوتانی ئێوارەکانی مێ نییە، نیشتیمانیش هاوڕێ، سەرم لە کەشکەلانی عەشق دەدا! بەڵام جەخار هاوڕێ وای لەعەشق و وای لە نیشتیمان، وای لە خۆم چەن خێر نەدیوی قاپی عەشق و نیشتیمانم!

گلەیی بکەم و نەیکەم من هەر خۆڵەکەوەی ئەودنیایەم، هەر ئەو بایەم لەواندا فڕینم دەبینمەوە، هەر ئەو دارهەنجیرە ڕەشەم لەحەوشەی ئەواندا نەبێ کەس هەنجیرێکم حەم ناکا، دواجار هاوڕێ مایەی ئاسودەیی و خۆشنوودیمە، گەر ئەوەندە لەتەك عەشقا تێهەڵچوبم وتوانیبێتم لەنێو مەملەکەتە سەوزەکەی خوێنەردا، گوڵفرۆشێکی (قەن زمان)ی بازاڕی عەشق بم ولەو نیشتیمانە هەرێمێکم لە مێخەك هەبێ! هەقی خۆمە لە مێ وعەشق، لەسێو و مێ، لە شیعر و مێ، من هەڵکردنی چرای قسەیەکم هەبێ، هەقی خۆمە لەهیزر وعەشق، لەخوێن و عەشق، لە فیرقەت و ژەهری عەشق، من دوانم هەبێ، چوون دەزانم هەموو دڵێ لە حەوسەڵەی عەشقدا نییە وهەموو قەڵەمێ ژەهراوی ئەو دنیایەی پێ بەشەکر نابێ!هەقی خۆمە یاران گەر بێژم، سێبەرم پڕە لە کۆتر و قەرتاڵەم پڕە لە قۆخ و شیعرم پڕە لە فڕینی مێ، چاوێکم پڕە لە ڕۆشنایی خاك و چاوەکەی ترم پڕە لە ڕۆشنایی ئادەم و حەوا، هەقی خۆمە گەر بێژم، کەمن ئەو دڵانەی وەك من بە چاوی دڵ لە هەرمێی ژن وورد دەبنەوە و بەئەلبومی فیرقەت وپایزدا دەچنەوەو ڕۆژێ لەهەواڵی ئەو نێرگزەکچانە دەپرسن سەردەمانێ (مەلیکەی دڵ و مەلیکەی عەقڵیان بوون)!هاوڕێ پێت وانەبێ غووربەت هەموو چمکەکانی ئاسوودەیی و زمانت پێدەبەخشێ وتێکەڵبوونت بە کلتوور وفڕینت بەجوگرافیایەکی تردا، ڕۆژهەڵاتیت بە ڕۆژئاوایی دەکا وقەڵەمت بە قەڵەمی ڕامبۆو لۆرکا دەکا! نا هاوڕێ گیان تێکەڵبوونت بە جوگرافیایەکی تر، مەلەکردنت لە فەرهەنگ و زمانێکی تردا، ئاوێتەبوونت بە دنیایەکی تر سانانیە، ڕەنگە ناوە ناوە بەزمانێکی شەقەوە کەوتبم بەسەر ماڵی زۆر گەورە قەڵەم و زۆر گەورە کتێبدا بەڵام خوێندنەوەیان فڕینی گەرەکە بە زماندا، نەخوازەڵڵا زمانی هەنار زمانی ئەدەب!بۆیە دوور لە فڕکەی قەلە ڕەشەکانی درۆ دەڵێم، مەلەکردنم لە خوێندننەوەیان کەمە وگەمەکردنم لە خوێندننەوەیان کەمە!وەك خۆشم هەموو قەڵەمێ، لەتەك ڕۆشنایی خوێندنەوەداو لەتەك گۆڕانکاری قۆناغەکاندا، بێشك خواستی نوێبوونەوە دەخوازێ، بەڵام من لێرەدا نوێبوونەوە و هەنگاوی نوێم بۆ خوێنەران بەجێ دێڵم، با ئەوان بەرچنەی دوێنێ و بەرچنەی ئەمڕۆم بن، گەرچی ماوەیەکە یەکجار بێدەنگم لە بڵاو بوونەوە.

زمناکۆ: قەسیدەی ( دۆلفینی بەفر ) لە سەردەمێکدا نوسیت سەردەمی ئەوپەڕی پلەی نائومێدی تۆ بوو بەرانبەر بەزۆر شت، پاش ئەوەی کە لە یۆنان گەڕایتەوەو شکستت هێنا لە سەفەر بەرەو ئەوروپاو پاش گەڕانەوەت بۆ هەمان جوگرافیای پێشوو (کوردستان)، جوگرافیایەك کە هەموو شاعیرێکی بە ئیحساس وەڕس دەکات و لێوانلێوە لە ناجۆریی، تۆ کە هاتیتەوە بۆ سلێمانی لە کۆڕێکدا ئەو قەسیدەیەت خوێندەوە، ئەگەر چی لەو ڕێگەیەدا سەرەڕای ئەوەی کە ماندووبویت و بێزاربوویت بەڵام هەر کەسێکی عاشق بویت، لێرەدا دەمەوێت دوور لە دنیای شیعرو دوور لە وەسفێکی فەنتازی پێمخۆشە کەمێك لەبارەی ئەجوائی ئەو سەفەرەت بدوێیت، بێگومان بۆ شاعیرێکی وەکو تۆ کاریگەرییەکان زۆر ترە وەك لە کەسێکی ئاسایی، ئینجا پێم بڵێ تەواوی قەسیدەکە لە یۆنان نوسراوە یان تەنها چەند وێنەیەکت لادروست بووەو لە سلێمانی تەواوت کرد ؟؟

ئیسماعیل خورماڵی: هاوڕێ سەرەداوی هەر حیکایەتێ بدەمە دەستتان، ڕەنگە ئێوە بەڕەنگی ئەفسانە قبوڵی کەن ڕەنگە بەڕەنگی خەمێکی چکۆڵە تەماشای کەن، بە هەرحاڵ کەرەمکەن دوور لە زوانی شیعر گوێبیستی چیرۆکەکانی ئەوسەفەرەبن کە ئاکام بە چامەی دۆلفینی بەفر کۆتایی هات! بەیانییەکی لێڵ وخوماربوو، بە ئومێدی پەڕینەوە بۆ دنیایەکی تر، من و تەوقێ گەنج هەر یەك بە توێشەبەرەی دڵێکی گەرمەوە، هەر یەك بەبارێ خەونی ڕەنگاو ڕەنگەوە لە شارەوە بە دەربەنی

پشدەردا گەیشتینە هێرۆ وهەڵشۆ، لێ هەڵشۆیەك یەكەم وێستگە و بەڵام بۆ زۆرێكمان (من نا) كە نازدار و باوان نازبووین، سەخت و دەوەندار بوو، هەمان بوو لەیەكەم بەردی لاڕێوە گەڕاننەوەی هەڵدەبژارد و یەعی لەسەفەر دەكرد وهەمان بوو لەیەكەم هەناسەوە ئەسپ و هێستری باڵداری دەخواست بۆ كرێ وهەمان بوو هاوڕێكەی لەكۆڵ دەگرت و هەمان بوو بەدەم گۆرانییەوە بە دیوی ئەودیوا دەڕۆی، هەشمان بوو بێدەنگ وكڕ، جگەرە لە دوای جگەرە جێ پێی دەلیلی هەڵدەگرت ودەڕۆی، بە هەرجۆر بوو نیوە شەوێكی درەنگ گەیشتینە گوڵە ئاواییەكی ئەو دیو، ئەوشەوە میوانی ماڵێ لەماڵەكانی گوڵە ئاوایی بووین، دوا ئەندامیان شیرین و میوان دۆست، تا درەنگانێ كڵپەی قسە و چەرەس توكان و(چا) خواردنەوە، غەیبەت نەبێ، لە چادا هەموو وەك قەیاغی ناو زرێباری چامان لێهاتبوو، سبەی لەماشێنێكی ڕەنگ شامییدا، بە هامڕایی شۆفێرێكی قۆشمەو ڕیشن ناوەناوە نەوارەكەی (حەسەنی دەرزی) دەخستە بان و ئەوی لا دەبردو نەوارێكی (ماملێ)ی دەهێنا، بیرمە دواجار نەوارێكی زیرەكی هێنا و هەتا بانە، بانە و بان، ڕەزییە و ڕەزییەی دەوتەوە، لەدەردی بازگە و بازگەش گەڕێ، بەهەر جۆرێ بوو گەیشتینە بانە، دوای مانەوەی چەن شەوێكمان لەوێ، دەلیل بەرەو (ڕەزاییە) بردینی وبەڵام باری دەلیل وردە وردە قورستر دەبوو، خۆفی ئێمەش لە بازگەكان زیاتر دەبوو چوون وردە وردە بەرەو قوڵایی هەرێمەكانی تر دەچووین، بە هەر جۆر بوو ئێوارەیەكی دێر گەیشتینە چەقی ڕەزاییە و لەوێوە بۆ جێیەكی دیاریكراو ولەوێشەوە بە ماڵێكی تەریكیانا كردین، ئیتر ئەوێ بوو بە هێلانەمان، فڕینی هەموو خەیاڵێكمان لەوێوە دەستی پێ دەكرد و مەلەی هەموو ئاوێكمان لەوێوە دەستی پێ دەكرد! دوای مانەوەمان زێدەتر لە دە ڕۆژ، ئێوارەیەكی درەنگ، ئێوارەیەك كە با و بەفر هەناره ڕۆشنایی شاریان دەوەران، یەك یەك بە ماشینێكی ڕەشیاندا كردین و ووتیان ئەمشەو دەتانبەینە گوندێ لە گوندەكانی نزیك (ماكۆ) سۆزی شەویش گەر (بەفر) و (ڕێ) بواریدا، ئەوا دەچن بەو دیوا!ڕەزاییەمان جێهێشت و بەڕێیەكدا بردینیان، بەڵام بەڕێیەكدا بردینیان بەفرو بەردو بەردەڵانی، دەبوو ماشێنیش بە ڕەوتی ووڵاخ بڕۆشتایە،ڕێ ڕێ نەبوو، هەنێ جار هەوراز و هەنێ جار ئاو شانی بە كەندڕان كردبوو! بەهەر جۆرێك بوو ئەوشەوە گەشتینە ناو ئاواییەكی نووتەك و سارد ئاواییەك دەتووت (نارنجێكە لەگڕ) و خوا لە مشتی بەفرا داینەوە، چوار دەور و ئەرز و ئاسمان بەفر بوو، بەڵام بەفر بە كۆڵان و بەفر بە قەڵا! لەوسێگۆشەیەشدا هەر ئەو گوندە مەرزی پەڕینەوە بوو، چ بەم دیوا و چ بەودیوا! ئیتر لێرەوە چیرۆكەكان دەگەشێنەوە و لێرەوە حیكایەتەكان دەس بە فڕین دەكەن، لێرەوە سەختاییەكان دەكەونە گوڵ و لێرەوە تالوكەكان دەدەنە قاقا، هاوڕێ وەك ئەوەی لەسەرەتادا عەرزم كردن، ڕەنگە هەرچییەك بڵێم ئێوە بە ڕەنگی ئەفسانە قبوڵی كەن، یان ڕەنگە خوێندنەوەی سەفەرێكی واتان بە ڕۆحدا نەیەت، بەهەر حاڵ ئەوی من دەیڵێم كەمێكە لە وەزعی ئەو سەفەرە، ڕێگەم بە بچمەوە سەر سەوزایی حیكایەتەكە و ئێوەش هەر لەسەر شاشەی ئەو دێڕانەوە بچنەوە سەر تەماشاكردنی ڕوداوەكان! دوای مانەوەی چەن شەوێكمان لەو دێیەدا، ئێوارەیەك (ئومێد) كە دەلیلی یەكەم بوو بە (جەمشید) ناوێكی ناساندین و ووتی كوڕینە (سووەی شەو) جەمشید وپیاوێكی خڕەڵەی شكاكی دەتانكا بەودیوا،خەمتان نەبێ بێشك سەلامەت دەگەنە ئەو بەر، ئەمە كاریانە هەموو شەوێ وەك (با) تەوقێ (گوڵە گەنج) دەكەن بەو دیوا! شەو ڕۆشت و سووەی ئێوارە، جەمشید بەیاشماخ و قەمسەڵەیەكی بۆرەوە، بە دەسكێش وگاڵۆكێكەوە، بەهامڕایی پیاوێكی تر ئەویش هەروەها وەك جەمشید بگرە خراپتر خۆی پێچابۆوە، هاتن و ووتیان خۆتان ئامادەكەن كەمێكی تر دەڕۆین، بەڵام جوان خۆتان بپێچنەوە ڕێمان كەوە

بەفرە و کوڕینە پڵنگەبەورە، دەتووت لە تۆمار کردنی مەشهەدێکداین، ترسنامەیە دەنگ و سێتارمان (ترس و با) (ترس و بەفر) (ترس و سەگوەڕ) !یەکەیەکە لە لێوی بەر هەیوانی ئاوایی هاتینەدەر شەوێکی درەنگ، ئاوایی کپ شێرکۆ واتەنی تەنها ئێمە و سەگ و بەفر بەدەرەوە بووین، تەنها ئێمەو درەختە ڕووتەڵەکان ئێمە و(بەردە بێدارەکان) ئێمە و تاکە هەسارەیەکی سەر لێشێواو بەدەرەوە بووین!یەك یەك وەك (موروو)ی دوای یەك، لە دەزووە ڕێیەکدا، کەوتبووینە دوای یەك دەلیل دەڕۆشت و ئێمە دەڕۆشتین، بەفر دەهات و ئێمە دەچووین، ترس دەهات و ئێمە دەچووین، هاوڕێ چیت بۆ بگێڕمەوە؟ هەر یەك دوو سەعاتێکمان خۆشبوو بەتەمووی ماکۆوە دیسانەوە (مووسە با) هاتەوە وێزەی سەروگوێمان بەور کەوتەوە ڕەشکردنەوەی پەنجەی قاچمان گەرمایی لە هەنگاومان بڕا، (با) چی نەدەکرد هاوڕێ؟ مووسە با چی نەکرد؟ لە درزی چیغە یاشماخی هەڵپێچراوی لاملمانەوە، لە ڕێحانە سەکۆی لاگەردنی هەڵدەگرتین، ئێمەو با ئێمو بەور چەشنێ ڕژابووینە یەك دەتووت دەیان ساڵە بۆران نشینی ئەو هەرێمەین، بەڵام براله بۆران نشینیش بیت، هەڵزنین بە زمسانە کێودا سانا نییە، هەرچەندە ئێمە بەو هەموو ترس و هاوسێی ڕەقبوونەوەیەوە، ناڵێم سۆپرمانی ڕێ بووین، بەڵام شلوێ شلوێ هەر لە دووی جەمشید دەڕۆشتین، دەڕۆشتین و لەتەك ئەو هەموو دڵە ڕاوکێ وگەیشتن و نەگەیشتنانەدا، لەتەك پەرشبوونی ئەو هەموو ئومێدو خەیاڵانەدا ئێوارەیەك لە نێو چەقی ماکۆدا، کەئەو بەرمان خار وگورگی ئاواییەکانی باکوور بوو، کەئەمبەرمان سەگ وتێخوڕینی سەربازگەیەك بوو، لەونێوەندەدا تا هەنگاوێ دەڕۆشتین هەتا بۆنی ئاوڕدانەوەیەکی جەمشیدمان دەگەشتێ، هەزار جار لووتمان لە ڕەقبوونەوە پڕ دەبوو، دێتە یادم براله بەور بە چەشنێ هەراسانی کردبووین، بەچەشنێ ڕەش هەڵگەڕابووین هەمان بوو تۆبەی هەزار تۆبەی سەفەری دەکرد و هەمان بوو باز و قوونەی بەباز و قوونەی ئاسکان دەچوو، هەمان بوو شلوێ هەمان بوو بە کۆڵ ئەوی دەبرد، دێتە یادم (سەردار) ناوێك بە یەکجاری لە پەل وپۆ کەوتبوو (سالار) ناوێ بە کۆڵ ئەم بن دار و ئەو بن داری پێدەکرد، دەتووت بڕبڕەپشتەی سالارە، سالار گەرمایی و سالار هەناسەی خۆی دەدایە، بەو وەزعەوە لەهەورازێکی بەفریندا سەردار کەوت وهەناسەی لێبڕا، وەك دوا هەناسەی ماسی لە سەر لمان، بێدەنگ هەڵێدەڕوانی کەمێ دواو ووشەیەك بەلێویا هات و ووتی: کوڕینە چڵی دارێ بکەن بە کێل و بڕۆن من لێبوومەوە سەفەر سەلامەت، بە منەوە سەفەری خۆتان مەکوژن! !هاوڕێ ئەو تاقە ووشەیەی سەردار گەرم دایهێناین، دوای کەمێ پشوو، دوای کەمێ هێوربوونەوەی سەردار، جارێکیتر کەوتینەوە ماکۆی بەورو شەو، ماکۆی ڕەو، ئەمجارە ڕێی بزنە ڕێیەکمان گرتووەوە، گەر ئەو ڕێیە بخەیتە ئاسمان تەنگە بۆ فڕین، بزنە ڕێیە و کۆڵانی بەفر، بزنە ڕێیە و تەلانی هەڵەموت، بزنە ڕێیە و دوژمنی چوون لەو چوون و بە چوون نەچووەدا، دیسان سەردار بە کۆڵی سالارەوە کەوت و ئەمجارە هاوارێکی یەك هاوارەی هەمووان و بەڵام لەتەك کلپەی هاواردا تێخوڕین و دەسڕێژمان گەیشتە سەر، ڕۆح خۆشەویست پەرتەوازە، هەریەك بە لایەکدا فڕین ئاخەر دەسڕێژ و بەور، سەگوەڕ و بەور، ماکۆ، ڕەنگە هەر لە دیتنی فیلمێکدا سانا بێ!دوا جار هاوڕێ زۆری بەور ونەشارەزایی بە یەکی گەیاندینەوە، ئەوی مابوو سەرداربوو خۆش بەختانە بە سەرداریش شادبووینەوە، بەڵام لەو وورتەوورتە و شادبوونەوەیەدا دیسان کەوتنینەوە کەمین وتێخوڕینێکی تر، لێ ئەمجارە هەمووان بە دوای یەکدا هەڵاتین بەڵام نەگبەت خۆمان لەو شەوەدا کەوتینە چەمێ، چەم شەختە و سەهۆڵاو کە لە لێوی ئەو دیوی چەم چووینە دەر هەمووان وەك (ئۆمەتی ئالی) لاق ودەسمان سڕ بەڵام هاوڕێ بەو قەدەرەشەوە، لە قەدەری سەردار دەگەڕاین!هەر چۆنێ بوو

له شەختەی ئەو چەمە دوورکەوتینەوە و هەتا بە دەربەنی سەگوەڕێکدا گەیشتینە کەنار ئاواییەکی چەن ماڵە، ئاواییەکی ڕووت و ڕووتەن دیار بوو دوای کەمێ پشوو، لەهەواڵی یەکمان دەپرسی، لەهەموان زیاتر سەردار، خۆشبەختانە سەرداریشمان لەگەڵ دابوو، بەڵام هەموو تەڕو برسی لە ژێر گوێسەوانەی ئەو ماڵانەدا هەڵدەلەرزاین، هەتا شەو قوڵتر بوایە سەگوەڕ زیاتر دەبوو، لەناکاو کۆکەیەك و هەڵکردنی جگەرەیەك، کە پێدەچوو بە چەرخێکی ووشك هەڵکرێ بەدەم شەختە شکانی شەوەوە، تارمایی پیاوێکی کەڵەگەت گەشتە سەرمان لە ڕۆشنایی جار جارەی لایتەکەیدا، وەك سێو لە چڵی سێبەر بکاتەوە ڕۆشنایی لێ دەکردینەوە و جارێکیتر بە تاریکی دەداینەوە! بە سڵ و ترسێکەوە، بەدەم کۆکە و مژ لێدانی جگەرەوە، زێدەتر هاتە پێش وبەزمانێکی هێوری ئێرانییان پرسی کوێنەرین؟ چی ئێوەی گەیاندۆتە ئێرە؟ لەتەك پرسی ئەودا، من لەو دەمەدا، وێڕای شلوێ بوونی بەور وتەڕایی لە خەیاڵی دەسرێژێکی تردابووم، لە خەیاڵی ژووان و دولبەر وخاکدابووم ڕاستییەکەی لە قسەکانی ئەو پیاوە هیچ تێنەدەگەیشتم، یەك دوو ووشە نەبێ ئەوانیشم لە گۆرانییەکانی داریوش وموعین دا کەوتبوونە بەر گوێ! بەڵام لە نێوماندا (دڵشاد) ناوێ کە دەرچووی کۆلێژی ئاداب بوو ئەو کەمێ لە زمانی فارسی حاڵی دەبوو، بەیەك دوو هەنگاو خۆی گەیاندە لای کابرا و بەهێمنییەکی جوانەوە حیکایەتەکەی تێگەیاند، دڵشاد کە زانی کابرا پیاوێکی بێوەیە زیاتر بە قوڵایی چیرۆکەکەدا ڕۆشت، بەمەبەستی هاوکاریکردنمان هێندەی پێ نەچوو لەوسەرەوە دڵشاد بە ئارامییەکەوە هاتەوە و ووتی کوڕینە نەجاتمان بوو کە دڵشاد وای ووت، من خۆم پێ نەگیرا و وەك درەختێکی زاماری بەر ڕەشەبا وبەڵام بە دەنگی ڕیشۆڵەیەکی داماو ووتم دڵە گیان چۆن؟ لەو چۆن و پرسەی مندا، کابرا لەتەك دڵشاد کەوتەوە گفتوگۆو ئەمجارە دڵشاد بە بزەوە ووتی کوڕینە ئەم پەنا دیوارەی کە ئێمە پاڵمان پێوە داوە و داڵدەی داوین دیواری قوتابخانەکەی ئاواییەو ئەم پیاوەش بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیە، وەك خۆی دەڵێ بە ڕۆژ بەڕێوەبەرە و بە شەویش قاچاخچییەکی وریا و دەگمەنی ناوچەکەیە، دەڵێ گەر بخوازن ئەوا پێك دێین و ئەمشەو دەتانبەمە ماڵی خۆم و سبەی تەنگی مەغریب دەرتان دەکەم! بەڵێ براله گیان دوای ڕامان و گومانێکی زۆر ڕێکەوتین و ئەوشەوە وشکاییمان هاتەوە گیان وهەموان بوژاینەوە، بەتایبەت سەردار گوڕێکی باشی تێهاتەوەو ڕاستییەکەی بەڕێوەبەرمان لە حاڵی سەردار ئاگادار کرد و ئەویش ووتی خەمتان نەبێ ڕێگەو چوونی من هێندە هیلاکەتی نابینێ! سەرت نەیەشێنم براله سبەی ئێوارە دیسان کەوتینەوە ناو بەفر، بەڵام خوا حەق بڵێ ئەمجارەیان قاچاخچی بەڕێوەبەر هێندە شارەزاییانە بە کێوا دەیبردین، لەگەڵ ئەوەی بەفرێکی زۆر دەباری، بەڵام ئەوەندە شلوێی ڕێ نەدەبووین وجار جارەش لە توێشەبەرەکەی پشتی هەر یەکەو سەر و خورمایەکی دەداینێ!تاکە شتێ کە لە یادم بێ و بیرم نەچێ وێڕای ساتە مەرگاوییەکانی سەردار ئەوساتە بوو کە لەسەر دوا ترۆپکی کەژێکی ماکۆدا، لەودیو پیرترین تاوێرە بەردەوە وچانێکماندا و بەڕێوەبەر لەژێر پاڵتۆ درێژەکەیدا دەمانچەیەکی دەرهێناو ووتی کوڕێنە لێرەوە هەرچییەکتان هاتە ڕێ، ئێوە بە کۆ پەلاماری بەن و حەقتان نەبێ، بەڵام تا دەگەینە ئەو گوندەی ئەوبەر مەپرسن بۆ؟!سەرت نەیەشێنم کەوتینەوە ڕێ، دوای سەعاتە ڕێیەك، کابرا ووتی هەر ئەم سەربەرەو خوارەمان ماوە، ئیتر دەچینە گوندێکی ئەوبەر و من خۆم دەتانبەمە ماڵێ کە ئاشنای خۆمن، هەوڵ دەدەم هەرئەوان بتانبەنە (ئەستەنبوڵ) چوون ئەوان (دۆڵمشێکی) گەورەیان هەیەو زوو زوو هات وچۆی ئەوێ دەکەن، بەڵام بێگومان دەبێ هەریەکەتان پارەیەکی باشیان بدەنێ!دواجار هاوڕێ قسەی کابرا وەك خۆی دەرچوو، ئێمەی گەیاندو هاوکات لەتەك ئەو

ماڵەشدا ڕێکیخستین کە ئەوان بمانبەنە ئەستەنبوڵ، بە هەر دەردێ بوو گەیشتنە ئەستەنبوڵ، بەڵام لەسەر داوای خۆمان بردینیانە (بیوك چەكمە)كە ناوچەیەك بوو، ماڵی شێخ عوسمانی لێبوو، كە قاپی ماڵ وخانەقایان لەبەردەم ئەو هەموو خەڵكە غەریب نشینەدا ئاوەڵابوو، بێگومان ئێمەش چووینە ئەوێ و بەڵام بۆ ئەوەی بێوەفا و بێ نمەك نەبم، دەكرێ ئیشارەتێ بە جوانی ئەو ماڵە بدەم، كە تاچەن لە خزمەتی ئەو حەشامەدا بوون! بەڵێ براله گەشتینە ئەستەنبوڵ و بەڵام ئەمجارە جەنگی سنوورێكی ترهاتە ڕێمان ئەویش سنووری زۆنگاوەكانی نێوان (ئەبسەڵە)ی توركیا و دەشتەكانی (ڤێرێ) و(ئەسكەندەر پوولی) یۆنان بوو! لێت ناشارمەوە دەیان جار لەو ڕێیەشدا شەنسی خۆم تاقی كردەوەو بەڵام هیچ هەتا دواجار سەفەری پێم بەسەفەری ئاو گۆڕی، ئەوە بوو لە ڕێی (قووشەداس)ی لای ئەزمیرەوە، كەوتینە (دەریای ئیجە) و بە بەلەمێكی شرۆڵەوە بەرەو (سامۆس) كەوتینە ڕێ، لەو ڕێیەشدا نەگبەت خۆمان، بەلەم لەكار كەوت و لە ناوەڕاستی ئیجەدا بێ هانا ماین بەلەمەوان كە گەنجێكی (ڕۆمانی) بوو، هەرچۆنێ بوو بەلەمەكەی خستەوە كارو بەڵام مردوو بە حاڵی ئێمە نەبێ، زریكەی ژنان و هاواری منالآن، ئێمەش لەوان باشتر نەبووین بەو دەردە هەتا گەشتینە كەنار، لەتەك گەیشتنماندا یەك و دوو پۆلیسی دوورگەی سامۆس گەشتنە سەرمان و كردینیان بە كەنیسەیەكی گەورەدا كە دەوروبەری پەنجا خێزانێكی لێبوو هەتا دوو هەفتە ئەوێ ماڵمان بوو، تا دوا جار بڕیاری گەڕانەوەیان داین بەڵام بە فێڵێكی جوان، شەوێك لەتەك ئەو هەموو گەشتكارەدا لە سامۆسەوە بەرە و ئەسینایان بردین و لەوێشەوە دەم ودەس كردینیان بە زیندانی (مینای پاترا) دا ولە دوای دوو ڕۆژیش زیندان زیندان بە شارەكانی(سالۆنیك و كەڤاڵە و ئیكزانتی و ڤێرێدا) كردینیانەوە بە دیوی توركیادا، بە دیوی ئەبسەڵە دا، ئەو شارەی كەدەیان جار لەوێوە هەوڵی دەرچوونمان دەدا و هەر نەدەگەشتین! دوای پێنج دەقەیەك ژەندرمەی توركی گرتینی وداینییەوە بە ئەستەنبووڵ، جارێكی تر چووینەوە ماڵی شێخ، ئەمجارەش بەهەمان خزمەت بەڵام چارەنووسمان وابوو ئەوشەوە ژەندرمە دایان بەسەر ماڵی شێخدا و لەوێ گیراین و بۆ سبەینێ ڕەوانەی زاخۆ كراینەوە، بەهەشت مانگ گەیشتمە ئەسینا و بەڵام بە هەشت ڕۆژ گەشتمەوە سلێمانی، سەبارەت بە نووسینی (دۆلفینی بەفر) یش هەندێكیم لەڕێدا نووسی وهەندێكم لە ئەسینا و تەواو كردنیشی لە سلێمانی!! دواجار یاڕەب كەس سەفەری وا نەكا!!.

زمناكۆ: كەڵچەری فارس تا چ ڕادەیەك كاریگەری لەسەرتۆ بە جێهێشتووە؟؟ چونكە زۆربەی شاعیرانی كورد تا ئێستاشی لەگەڵ بێت (بە تایبەت شاعیرانی سلێمانی) نەیانتوانیوە لە ژێر تەئسیری (فروغ، سوهراب، شاملو، نیما یوشیج، نادری نادرپور، ئیرەجی جیننەتی عەتائی) و چەند ناوێكی تری درەوشاوەی ئەو كلتورە بێنە دەرێ، دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ یەكەم دێڕی ئەم پرسیارەم كە لە هەمان كاتدا دواهەمین پرسیارمە، ئایا هیچ شاعیرێكی ئەو كەڵچەرە دەوڵەمەندە تۆی پەلكێش كردۆتە ناو دنیاو جیهانبینی خۆی ؟؟ یان ئیعترافێكی لەو جۆرە قورسە بۆ تۆ؟؟

ئیسماعیل خورماڵی: بەڕێزم بێشك دەڵێم سەوزایی هەموو قەڵەمێ، وا بەستەیە وەبارانی خوێندنەوەو مەست بوونە بە عیشق و مەست بوونە بەفڕینی ئاونگەكان، خۆ گەر سەرێ بە ماڵی ئاسماندا كەیت و كەمێ لە فڕینی باڵندەكان هەڵڕوانی تێدەگەی فڕینێ بەبوون نایە، فڕینێ تر باڵی نەگرێ! خۆ گەر وەك با ش، سەرێ بە نیشتیمانی گوڵە هەنارەكاندا بكەیت و (مەلە چاوێ) لە ئاوی گەڵاكاندا كەی، تێ دەگەی ژیان بەوهەموو عیشقەوە، چ تەیرێكی چكۆڵەیە و چ سەیر تام لە مزرایی و تام لە فڕینی نێوان چڵەكان دەبینێ؟ لێرەدا هاوڕێ ئێمەش وەك تەیرە مەخلووقێكی چكۆڵە، هەقی خۆمانە تام لە مزرایی و

تام له فڕینی نێوان دەقەکان بەرین له شووشەی یەك، پیاڵەی یەك، له شەرابی یەك پڕکەین!بەڵام هاوڕێ سەبارەت به کاریگەری دنیای فروغ وسوهراب و هەریەك لەو قەڵەمه مەزنانەی بەڕێزتان باسی دەکەن، بێشك هەریەکەیان هەسارەیەکن بۆ خۆیان، گەر کاریگەری و نزیکبوونەوەیەکیشم لەتەك ئەو هەسارە قەڵەمانەدا هەبێت دروست دەڵێم و دانپیانانیش به دانپیانانێکی تۆخ به گوناه نازانم چوون هەمیشه بارانی وورد به دوای بارانی گەورەدا دێ و ئەوەشت بیر نەچێ هەر تنۆکی وورده نیشتیمانی ڕەهێڵان دێنێ! دواجار هاوڕێ ڕێگەم به هەر له ئێوارەی ئەم وەڵام وپرسیارانەوە سڵاوێ له عوشاقی شیعر بکەم و ماچێ بەو چاوانه بەخشم، ماسییه شەوقی چاویان، بەئاوی ئەم دێڕانه دەکەن و دەمانخوێننەوە دواجار ئاوەدان بێ ماڵی قەڵەم، ئاوەدان بێ ماڵی شیعر!.